# یاریزانێکی دهۆک بەشداری لە جامی یانەکانی ئاسیا دەکات




لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی دارایی یانەکانی کوردستان روو لە خراپییە و یاریزانانی یانەکانی کوردستانیش رۆژ لە دوای رۆژ بە دوای بژێوی و باشبوونی باری دارایی خۆیان و خانەوادەکانیان دەگەڕێن، ئێستاش یانەکانی کوردستان ئەو توانا داراییەیان لە بەردەست نییە بۆ ئەوەی یاریزانانی خۆیان رازی بکەن بە مانەوەیان لە یانەکانی شارەکانیان، یانەکانی شاری بەغداش چاویان لە سەر یاریزانانی کوردستانە بۆ ئەوەی بە تواناکانی ئەوان شەڕی نازناوەکان بکەن. زیاد ئەحمەد یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری دهۆکە کە ماوەی دوو ساڵە لە باشووری عێراق لەگەڵ یانەکانی ئەو شارە خەریکی بەشداریکردنی یارییەکانە لە خولی نایابی عێراقی، زیاد کە وەرزی رابردوو لە یانەی دهۆکەوە پێوەندی بە یانەی نەفتی جنوب کرد، توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ ئەم یانەیە پێشکەش بکات، بەهۆی ئاستی بەرزی خۆشیەوە بۆ وەرزی نوێ بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی نەفتی وەست مۆرکردووە، لە بارەی چوونی بۆ یانەیەکی باشووری عێراقیش زیاد ئەحمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من وەکو یاریزانێکی کورد کە ئێستا لە کاتی پیشەگەریم، سەیری ئەوە دەکەم کام یانە گرێبەستی باشتر بدات و لەگەڵ من بگونجێت، ئەو یانەیە هەڵدەبژێرم. ماوەی دوو وەرزە لە باشووری عێراقم و هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، ئەمساڵیش یانەی نەفتی وەست لە رێگەی عەبدول غەنی شەهد راهێنەری یانەکە پێوەندییان پێوە کردم و لەگەڵیان رێککەوتووم بۆ وەرزی نوێی خولی عێراق لە ریزی یانەی نەفتی وەست یاری بکەم، ئەمساڵ ئەوان بەشداری لە جامی یانەکانی ئاسیا دەکەن، ئەوەش بۆ من دەرەفەتێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم و ئاستی راستەقینەی خۆم لە جامی ئاسیا پێشکەش بکەم، تا بیسەلمێنم ئێمەی یاریزانانی کوردیش توانای ئەوەمان هەیە کە لە پاڵ یاریزانانی دیکە بوونی خۆمان بسەلمێنن.» لە بارەی هاتنی گرێبەستی تریش زیاد گوتی: «من بە فەرمی گرێبەستم لە یانەی زاخۆ بۆ هاتبوو، بەڵام چونکە یانەی نەفتی وەست زووتر بەمنیان گوتبوو، بۆیە پێوەندیم بە ئەوانەوە کرد و بە هیوای ئەوەشم بتوانم لە وەرزی نوێ ئەنجامی باش بەدەست بهێنم لەگەڵ یانە تازەکەم، بەهیوای ئەوەشم یاریزانی کوردی زیاتر روو لە یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی خۆمان بە بەرزی پێشکەش بکەین.»



# به هۆی قەیرانی دارایی ئەفرۆدێت مەشقەکانی راگرت

هەر چەندە کچە یاریزانانی تۆپی فوتساڵی ئەفرۆدێتی شاری سلێمانی تاکو کۆتایی هاتنی مانگی رەمەزانیش مەشقەکانیان بەردەوام بوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ خولەکانی داهاتووی کوردستان و عێراق، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی تیپەکە بڕیاری وەستانی مەشقی یانەکەی دا بۆ کاتێکی نادیار بۆ دووبارە دەستکردن بە مەشقی ئاسایی تیپەکە، لە بارەی وەستانی مەشقەکانی یانەکەش عەباس فەرەج راهێنەری تۆپی فوتساڵی یانەی ئافرۆدێت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە مەشقەکانمان بەردەوام بووین بۆ ئامادەکاری زیاترمان بۆ خولەکان و ئامادەکردنی یاریزانان بۆ پاڵەوانەتییەکان، تاکو مانگی رەمەزانیش مەشقی ئێمە بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی و کێشەی هاتوچۆ پاسی گواستنەوەی یاریزانانمان راگرتووە، لە یانەکەشمان نە پارەمان هەیە و نە گازی پاس و نە پارەی شوفێریشمان هەیە، جگە لەمەش پاڵەوانێتی بۆتە سوپرایز لە کوردستان و کەس نازانێ کەی ئەنجام دەدرێت، خولی عێراقیش تاکو ئێستا دیار نییە کەی ئەنجام دەدرێت رەنگە بە هۆی قەیرانی دارایی نەتوانین بەشداری خولی عێراقی بکەین. بەڵام واباشە بوو یاریزانان هەموو کات ئامادە بکرێن، لانیکەم بۆ خولی کوردستان کە لە ماوەی داهاتوو ئەنجام دەدرێت.



# هەولێر راهێنەرێکی بەئەزموونی دەوێت

یانەی وەرزشیی هەولێر ساڵانی رابردوو یەکێك بووە لە یانە رکابەرەکان بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام ماوەی دوو وەرزە بە هۆی ئەو قەیرانە داراییە سەختەی کە بەرۆکی یانەکانی گرتووە و ژمارەیەك لە یاریزانانی دیاری یانەکەش نیازی جێهێشتنی یانەکەیان هەیە، بە هۆی ئەو گرێبەستە گرانبەهایانەی کە لەلایەن یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پێشکەشیان کراوە، بەڵام یانەی هەولێر هەوڵی مانەوەیان دەدات لە ریزی یانەکە، بۆیە لە ئێستادا هەولێر لە هەوڵی رازیکردنی حکومەتە بۆ ئەوەی هاوکاری دارایی بکرێن و بەشداری لە خولی نایابی عێراق بکەن و راهێنەرێکی بەتواناش بدۆزنەوە بۆ ریزی یانەکەیان، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئێمە ئامادەکاری دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە وەرزی نوێ خولی نایابی عێراق بەشدار بین، ئەوەش بە پاڵپشتی و هاوکاری حکومەتی هەرێم و دڵسۆزانی یانەکە دەکرێت، بۆیە ئێمە ئومێدی زۆرمان هەیە کە بتوانین بەشداری یارییەکانی وەرزی نوێ بکەین. هەر چەندە قەیرانی سەختی داراییمان هەیە و گرێبەستی یاریزانانمان لا ماوە، بۆیە ئێمە بۆ مەشقی یانەکە لە ئێستادا هیچ کەسێکمان دیاری نەکردووە، بەڵام ناوی راهێنەری تورکی چۆشکان دمیرباکان هاتووە بۆ ئەوەی مەشقی تیپەکە بداتەوە، بەڵام ئەویش تەنیا قسەیە جارێك و هیچ کارێك بە فەرمی نەکراوە و قسە لەسەر یاریدەدەریش کراوە، کە تاکو ئێستا دکتۆر تاریق حەجییە کە خەڵکی موسڵە و بەربژێرە بۆ ئەوەی بکرێتە یاریدەدەری یانەکەمان، بەڵام تاکو ئێستا ئەوانە فەرمی نیین، بۆیە ئێمە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوومان بڕیاری کۆتایی لەسەر دیاریکردنی راهێنەریش دەدەین و هەوڵدەدەین ناوی یانەی هەولێر بە بەرزی بهێڵینەوە، سەبارەت بە یاریزانانیش ئەوان گرێبەستی دووساڵیان لەگەڵ ئێمە هەیە.

### شوان جاف مەلەوانزانی نێودەوڵەتی:

# هەموو هەوڵێک دەدەم تا ناوم لە پەرتووکی گینس تۆمار بکرێ

عەلی رەزا ناسراو بە شوان جاف ئەو هەر چەندە منداڵە و تەنیا تەمەنی ١١بەهارە، بەڵام خاوەن بەهرەیەکی گەورەیە لە ژیانی خۆی ئەویش یاری مەلەوانییە. ئەو بە جۆرێك شەیدای یاری ئاو بووە کە سەرتاپای ژیانی خۆی و باوکی داگیرکردووە و تەواوی رۆژانی بەسەربردنیان لە ناو ئاو و رووبارەکانە. شوانە هەر چەندە هیچ خولێکی نەبینیوە و هیچ کەسێکیش جگە لە باوکی هاوکاری و پشتیوانی نەکردووە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن ریکۆرد و پاڵەوانی جیهانی، لە ئێستاشدا ئەو لە رێگەی رەزای باوکی کە بە تۆفان ناسراوە، بەردەوام بە یەکەوە هەوڵ دەدەن و باوك بۆتە راهێنەری کورەکەی و هەموو کارئاسانییەك بۆ ئەم لاوە بەهرەمەندە دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە پاڵەوانێکی جیهانی و لە تەواوی قۆناغەکانی ژیانیدا سەرکەوتوو بێت. وەك ئەم فێرخوازە هەڵکەوتووە باسی دەکات، باوکی سەرەرای بەساڵاچوونی بەڵام لە پێناو کۆرە بەهرەمەندەکەی ئامادەیە هەموو قوربانییەك بدات. کاتێك روو لەماڵەکەیان دەکەیت، وا هەست دەکەیت لە ناو خانوویەکی وەرزشیدای، لە بەر ئەوەی ژوورەکەی ئەم پاڵەوانە مێرمنداڵە بە دەیان مەدالیای جۆراجۆر رازاوەتەوە. جگە لەوەش ژووری دیکە بۆ وەرزشی جەستەیی هەیە و هەموو رێنماییەکانی مەلەوانی تیادا هەڵوەسراوە. هەر چەندە شوانە لە دایك بووی ساڵی ٢٠٠٥ی شاری بەغدایە، بەڵام ئەم لە خانەوادەیەکی کوردپەروەردە بووە. شوانە لە رێگەی گۆڤاری گوڵانەوە رەخنە لەو کەسانە دەگرێ کە بە جۆرێك دژایەتی دەکەن. ئەو خاوەنی چەندین



ریکۆردی جیهانییە، بۆیە هیوای ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان ناوی لە پەرتووکی گینس تۆماربکرێت. ئەوەش بە مافی خۆی دەزانێ و داوای پشتگیری حکومەتی هەرێم دەکات. لەلایەن چەندین رۆژنامەی بەناوبانگی جیهانی و ئەورووپی و لەلایەن گەورە وەرزشکارانی یاری مەلەوانی لەسەر ئەم یاریزانە کارکراوە و بە مەزنی باسی ئەم پاڵەوانەی کوردستان و عێراق و جیهانیان کردووە. بەهۆی ئەنجامە گەورەکانی لە سەر ئاستی جیهان سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشاوە و بە ئومێدەوە باسی دەکەن، ئێمەش لە نزیکەوە لە ماڵەکەی خۆی ئەم دیدارەمان لەگەڵ شوانی پاڵەوان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بۆچی لە ناو ئەم هەموو یارییە شەیدای مەلەوانی بوویت، لە کاتێکدا یاریزان لە کوردستان کەمتر لەم یارییە دەردەکەون؟**

- چونکە بەهرەی من تەنیا لەم یارییە بووە، هیچ بەهرەیەکم لە وەرزشەکانی دیکە نییە، بۆیە خولیای بووم، لە منداڵیشەوە شەیدای ئاو بووم و لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە.

*** دەڵێن باوکت هاوکارێکی باشت بووە لە سەرەتاوە تاکو ئێستا و ئەگەر ئەو هاوکارییەکی ئەو نەبوایە نەدەبوویتە ئەم یاریزانەی ئێستا، ئەوە تا چەند وایە؟**

- باوکم بۆ هەموو خانەوادەکەمان ماندووبوونی زۆری چێشتووە، بۆ ئەوانی تریش کاری کردووە لە بوارەکانی تر، بەڵام بۆ من رۆڵی زۆر گەورەی بینیوە، هەم وەکو باوك کە هەموو کات بە منەوە ماندوو بووە، هەم لە رووی وەرزشەکەشمەوە سەرتاپای ژیانی خۆی بۆ من سەرف کردووە. بەردەوام وەکو راهێنەرێکی چاونەترس بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ منە.

*** لە خانەوادەکەتان بە تەنیا وەرزشکاری ؟**

-نەخێر، باوکیشم پاڵەوان بووە لە کاتی خۆی، بەتایبەتی لە بواری زۆرانبازی و جۆدۆ، بۆیە رۆڵی ئەو لەسەر من زۆر بووە کە روو لە پاڵەوانەتی و یاری مەلەوانی بکەم.

*** بیستوومانە وەکو بەهرەمەندێکی پاڵەوان هیچ راهێنەرێکت نییە؟**

- زۆر راستە، جگە لە باوکی خۆشەویستم هیچ کەسێك وەکو راهێنەر، هاوکاری نەکردووم، باوکم هەم راهێنەرە و هەمیش باوکێکی دڵسۆزە.

*** لەکاتی مەشقەکانت لە ناو ئاودا باوکت بەردەوام بە دەورتدا دەخولێتەوە، دەڵێن جاری وایە لێت تووڕەش دەبێت، ئەوە تا چەند راستە؟**

- باوکم هەمیشە حەز بەوە دەکات من باشترین وەرزشکارم لێ دەربچێت، تووڕەبوونیشی لە دڵسۆزییە، چونکە زۆر جار لە ناو ئاو کە مەشق دەکەم، ئەو دەڵێ وا بکە، منیش هەڵە دەکەم و ئەویش لێم تووڕە دەبێ، تاکو ئێستا لەسەر مەشقکردن دوو مۆبایلی تێ گرتووم لە ناو ئاودا و لێی سووتاوە.

*** بەگشتی ئاستی یاری مەلەوانی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- زۆر خراپە و هیچ بەباشی نابینم، بە هۆی ئەوەی گرنگی زۆر بە یاریزانان نادرێت، تاکو ئێستا مەلەوانگەی تایبەتمان نییە و دەبێ یاریزان لەسەر گیرفانی خۆی مەلە بکات.

*** بۆچی وا نائومێدی لەم یارییە لە کوردستان؟**

- چونکە هیچ لیژنەیەکمان نییە بۆ هەڵسەنگاندنی یاریزانان و گرنگیدان بە توانای یاریزانان، بەردەوام غەدرم لێ دەکرێت لە پاڵەوانێتییەکان و دژایەتیم دەکرێت. من تەمەنم ١١ ساڵە، دەبێت لە پێشبڕکێیەکان لەگەڵ یاریزانانی تەمەن ١٢بۆ١٥ ساڵی پێشبرکێ بکەم کە ئەوەش جۆرێکە لە نایەکسانی.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت؟**

- پێویستە خزمەتی بەردەوامی یاریزانان بکرێت و یەکسانی پەیڕەو بکرێت لەم یارییە و بەرپرسانی وەرزشی زیاتر خزمەتی مەلەوانی بکەن و کەسانی شارەزا لە بواری مەلەوانی بهێندرێنە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی دۆستی یارییەکەن پێش بکەون، هەوڵ بدرێت قوتابخانە



بکرێتەوە لەم یارییە بۆ دروستکردنی یاریزانانی بەتوانا و زیاتر گرفتەکان چارەسەر بکرێت.

*** پێت باشە ئەم یارییە چۆن لە کوردستان بەرفراوان بکرێت؟**

- پێویستە لیژنەی ئۆلۆمپی خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکەن و یەکێتی مەلەوانی بەهێزتر بکرێت و زیاتر خۆیان بۆ گرفتەکان تەرخان بکەن.

*** بۆچی لە هیچ یانەیەکی کوردستان یاری ناکەی؟**

- من ئەو گرنگیدانە نابینم لە یانەکان بۆ یاری مەلەوانی، بۆیە هیچ کات پێوەندیم بە یانەکانەوە نەکردووە.

*** یانەکانی کوردستان داوای گرێبەستیان لێ کردووی؟**

- بەڵێ، چەندین یانە پێیان گوتووم، بەڵام خۆم رەتم کردۆتەوە یاری بۆ هیچ یانەیەکی کوردستان بکەم، چونکە دژایەتییە بۆیە یارییان بۆ ناکەم.

*** بۆچی دژایەتیی تۆیەك دەکەن کە تەمەنت تازە ١١ساڵە؟**

- چونکە من لە هەر هەموویان باشترم و هیچ کەسێك ناتوانێت رکابەریم بکات. بۆیە هەموو کات دژایەتی من دەکرێت وەکو یاریزانێکی کورد.

*** لە هیچ یانەیەکی دەرەوەی کوردستان داوا کراوی؟**

- بەڵێ لە هەریەك لە وڵاتانی ئەمریکا و کەندا و سویسرا داوام دەکەن بۆ ئەوەی هاوینان یارییان بۆ بکەم.

*** ئێستا چ بڕیارێکت داوە، لە کوردستان بەردەوام دەبی، یاخود دەچیتە دەرەوەی وڵات؟**

- حەز دەکەم بچمە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ئەوەی لەم وڵاتە بۆ ماوەیەکی کورت ببمە پاڵەوانی جیهان، چونکە ئەم وڵاتە بەهێزترین وڵاتە لە یاری مەلەوانی.

*** بۆچی پێت دەڵێن دۆلفینەکەی دووکان؟**

- چونکە من هەموو کات دڵم بە ئاوی دووکان دەکرێتەوە، زۆرکات مەلەوانی لەم دەریاچەیە دەکەم.

*** لە یانەی جەیشی بەغداد داوا کراوی کە شوێنی لە دایك بوونتە بۆچی نەچوویتە بەغدا؟**

- لەبەر بارودۆخی ئەمنی نەچوومە شاری بەغدا، ئەگەرنا ئەوان مووچە و گرێبەستی باشیان پێدەدام. من حەز دەکەم تەنیا بۆ کوردستان یاری بکەم.

*** ئامانجت لە یاریکردن بۆ کوردستان چییە؟**

- بە هیوای ئەوەم بتوانم لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان و بە ناوی کوردستان ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بەرز بکەمەوە.

*** بە هیوای هەڵبژاردەی کوردستان لە مەلەوانی دروست بکرێت؟**

- ئەوە هیوای منە، چونکە من یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم، بەڵام حەزدەکەم هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێ و منیش یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- جگە لە نەبوونی هۆڵی مەلەوانی تایبەت، لە کوردستان تەنیا یەك خول دەکرێتەوە. ئەوە خۆی گرفتە و لەلایەن بەرپرسانی ئەم یارییەوە گرفتەکان چارەسەر نەکراون.

*** هەست ناکەی بەم تەمەنە بچووکە یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- نەخێر، بە پێچەوانەوە یارییەکی زۆر خۆشە، چونکە هەموو ژیانم بۆتە یاری مەلەوانی و ئەوەش ئاسانترین یارییە لای من.

*** دەڵێن زۆر شەیدای ئاوی؟**

- بەڵێ حەز دەکەم هەموو ژیانم لە ناو ئاو بێت، رۆژانە ٣بۆ ٤ کاتژمێر لە ناو ئاوم.

*** خوێندنت لە بەردەم وەرزشکردنت گرفتی بۆ درووست نەکردوویت؟**

- نەخێر، چونکە کاتەکانی خۆم بۆ هەردووکیان دابەش کردووە و لە هەردووکی سەرکەوتوو بووم.

*** رۆژانە لە کوێ مەشق دەکەی؟**

- لە ئەکوا تارین، سوپاسی بەرپرسانی ئەو مەلەوانگایە دەکەم کە هەموو کات بە خۆڕایی دەرگایان بۆ من کردۆتەوە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

- تاکە هیوای من بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانە و هیچ هیواییەکی ترم نییە.

*** لە مەلەوانی لاسایی کێ دەکەیتەوە؟**

- مایکل فلیپس، هەمووکات حەز دەکەم بگەم بە







ئاستی ئەو پاڵەوانە جیهانییە، ئەو پاڵەوانی ئەم یارییە و خاوەنی ١٤ مەدالیای زێڕە لە یەك پاڵەوانێتی.

*** حەز دەكەی بە چ نازناوێك لە كوردستان بانگ بكرێیت؟**

- هەر بە دۆلفینەكەی دووكان .

*** گرفتت بۆ درووست نابێت كە لە هەولێر دەژی و ئەم شارەش دەریاچەی لێ نییە؟**

- گرفت درووست دەبێت، بەڵام زۆربەی كات لە هەفتەیەك دووجار دەچمە دووكان، یان دەربەندی رانیە.

*** بیستوومانە ٧٥چركە لە ژێر ئاو دەمێنێتەوە ئەم ریكۆردە تەنیا بە ناوی تۆیە لە عێراق؟**

- ئێستا لە ئاستی تەمەنی خۆم لە هەموو جیهان تەنیا بە ناوی منە.

*** هەوڵی زۆرت داوە ناوت بچێتە پەرتووكی گینس، بۆچی تا ئێستا ئەم خەونەت نەهاتۆتە دی؟**

- هەوڵی زۆرم داوە و هەموو كارێكم كردووە و مافی خۆمە، بەڵام دەبێت حكومەت بە نووسراو پشتگیریم بكات، ئەگەر ئەوە بكەن زۆر بە ئاسانی ناوم دەچێتە پەرتووكی گینس ئەوەش بۆ كوردستان مایەی گەورەییە.

*** داواكاریت لەبەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

- بە هیوای ئەوەم یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی بتوانین كاری گەورە و زەحمەت ئەنجام بدەین و سەری كوردستان بەرزتر بكەینەوە.

*** چ پەیامێكت بۆ منداڵانی كوردستان هەیە؟**

- بە هیوای ئەوەم هەموو منداڵانی كوردستان بێنە ناو وەرزش، جا لە هەر یارییەك بێت بۆ ئەوەی بتوانین لە رێگەی وەرزشەوە ناوی كوردستان لە جیهان بەرزبكەینەوە.

*** كەی دەچیتە ئوسترالیا؟**

- بڕیاربوو لەم هاوینە بچمە ئوسترالیا، بەڵام تاكو ئێستا نەچووم، تەنیا بۆ مەشقكردن دەچم و دەگەڕێمەوە كوردستان، هەرچەندە كەس هاوكاری نەكردووم، دەبێ لە رێگەی باوكمەوە ئەم سەفەرە بكەم.

*** چی ماوە لە كۆتاییدا باسی بكەیت؟**

- بە هیوای ئەوەم حكومەتی هەرێمی كوردستان هاوكاریم بكات بۆ ئەوەی ناوم بچێتە پەرتووكی گینس و ئەوە بۆ كوردستانیش باشە، هەروەها داواكارم خزمەتی وەرزشكاران بكەن. لە داهاتووش ببمە راهێنەرێكی بەتوانا خزمەتی وەرزشكارانی كوردستان دەكەم، زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەكەم كە ماندووبوون و بەم شەو هاتوون خزمەتی وەرزشكارانی كوردستان بكەن.


# بروسیا دۆرتمۆند گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەی دەکات

لەگەڵ کردنەوەی دەرگای گواستنەوەی یاریزانان یانەکان هەوڵ دەدەن تیپەکانیان تۆکمە بکەن بۆ وەرزی نوێ بەمەبەستی بە دەستهێنانی ئەنجامی شایستە، یانەی بروسیا دۆرتمۆند یەکێك لەو یانانەیە، کە لەگەڵ کردنەوەی دەرگای گواستنەوە چەند یاریزانێکی ئاست بەرزی لە دەستدا و گرێبەستی لەگەڵ هەندێك یاریزان مۆرکرد بەمشێوەیە:

یاریزانە ڕۆیشتووەکان

- فرۆشتنی تۆماس هۆمێلز بە یانەی بایەرن میونیخ ب(٣٢,٥) ملیۆن جونیهە ئەسترلینی.
- فرۆشتنی ئیلکای گەندوگان بە یانەی مانچستەر سیتی بە بڕی (٢٣) ملیۆن جونیهە ئەسترلینی.
- فرۆشتنی میختاریان بە یانەی مانچستەر یۆنایتد بە بڕی (٣٥) ملیۆن جونیهە ئەسترلینی.

# یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا ڕاهێنەری نوێ هەڵبژاردەکەی دەستنیشانکرد



بەفەرمی یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا گامبیرۆ ڤینتۆرا وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشان کرد لە شوێنی ئەنتۆنیۆ کۆنتی، کە پەیوەندی بە یانەی چێڵسی کرد.

- ڤینتۆرا تەمەن ٦٨ ساڵ، یەکەم جارە ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەیەك دەکات و هەروەها ڕاهێنەرایەتی لە دەرەوەی ئیتاڵیا نەکردووە.
- ڤینتۆرا پێشتر ڕاهێنەری یانەکانی (تۆرینۆ، باری، بیزا، هیلاس ڤیرۆنا، ناپۆلی، میسینا، کالیاری، ئۆدنیزی، سامبدۆریا، لیتشی) بووە.
- ڤینتۆرا ڕاهێنەری یانەی تۆرینۆ بوو لە ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بۆ ماوەی پێنج وەرز لە یانەکەی بەردەوام بوو، ئەم ڕاهێنەرە حەز بە یاریکردنی شێوازی (٣-٥-٢) دەکات، هەمان شێوازی کۆنتیە.
- یەکەم یاری فەرمی ڤینتۆرا وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە مانگی ٩ دەبێت بەرانبەر هەڵبژاردەی فەرەنسا.

بەم برە پارەی، کە یاریزانەکانی فرۆشتووە، بروسیا دۆرتمۆند چەند گرێبەستێکی مۆرکرد بەمشێوەیە:

- کڕینی عوسمان دیمبلی تەمەن (١٩)ساڵ لە یانەی رین.
- کڕینی سیباستیان رۆدا تەمەن (٢٥)ساڵ لە یانەی بایرەن میونیخ.
- کڕینی رافائیل گێرێرۆ تەمەن (٢٢) ساڵ لە یانەی لۆریان فەرەنسی.
- کڕینی مارك پاترا تەمەن (٢٥) ساڵ لە یانەی بەرشلۆنە.
- کڕینی ئیمری مۆر تەمەن (١٨) ساڵ لە یانەی نۆردسلاند دانیمارکی.
- کڕینی میکێل مۆرینۆ تەمەن (٢٠) ساڵ لە یانەی ئۆساسۆنا.
- قسە و باسێکی زۆر هەیە هەردوو ئەستێرە (شۆرلە، گۆتزە) پەیوەندی بە یانەکە دەکەنەوە.

لەگەڵ فرۆشتنی ئەم سێ یاریزانە یانەی بروسیا دۆرتمۆند بری (٩٠)ملیۆن جونیهە ئەسترلینی بە دەستکەوت و بە بری (٤٥)ملیۆن جونیهە ئەسترلینی شەش یاریزانی کری و بری (٤٥)ملیۆن جونیهە ئەسترلینی قازانجکردووە.

جێگەی باسە راهێنەری بروسیا دۆرتمۆند تۆماس توخێل لە راهێنەری تیپەکەی بەردەوام دەبێت.



## ئەشبیلیە گەورەترین گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەی ئەنجام دەدات

لەگەڵ کردنەوەی دەرگای گواستنەوە، یانەی ئەشبیلیە بەشێوازێکی تر پێشوازی لە کرین و فرۆشتنی یاریزانان کرد، دوای ئەوەی لە سێ وەرزی رابردوو کۆنترۆڵی خولی یۆرۆپا لیگ کرد و زۆربەی یاریزانەکان لەگەڵ راهێنەر ئۆنای ئیمری لە یانەکە بەردەوامبوون.

کەچی ئەم وەرزە گۆڕانکارییەکی گەورە لە یانەکە کراوە بەمشێوەیە:

- ئۆنای ئیمری راهێنەری پێشووی ئیشبیلە یانەکەی جێهێشت رووی لە یانەی پاریس سان جێرمان کرد، بەفەرمی راهێنەری هەڵبژاردەی چیلی پێشوو خۆرخی سامپاولی بووە راهێنەری تیپەکە.

- هەر یەکە لە یاریزانان (کریتشۆ فیاك، بانیگا، خۆسی ئەنتۆنیۆ ریس، فیگیراس، پیتۆ) تیپەکەیان جێهێشت روویان لە یانەکانی تری ئەوروپا کرد.

- لە بەرامبەردا ئەشبیلیە گرێبەستی لەگەڵ فرانکۆ فازکێز (یاریزانی یانەی پالێرمۆ) مۆرکرد، ئەم یاریزانە ئاستێکی بەرزی لە وەرزی رابردوو پێشکەش کرد و چاوی یانەکانی لەسەر بوو، بەڵام هەر زوو ئیشبیلە گرێبەستی لەگەڵ مۆرکرد.

- گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی بەرازیلی گانزۆ و ئەرژنتینی خواکین کۆریا و ژاپۆنی هیرۆشی کیوتاکی و ئەرژنتینی ماتیاس کرانفیتار مۆرکردووە.

جێگەی باسە ئەشبیلیە لە سەرەتای وەرزی داهاتوو یاری سوپەری ئیسپانی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە ئەنجام دەدات و یاری سوپەری ئەوروپی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید ئەنجام دەدات.